سیاسەتی نــزمو بــاڵەخــانەی بــەرز

زیرەك کەمال

کەم کەس هەیە لەم وڵاتەی ئێمەدا گلەیی لەو میکانیزم‌و شێوازە کارکردنە نەبێت کە کایە ئیداری‌و حکومی‌و سیاسی‌و حزبییەکان لەسەر زەمینی واقیعی ژیاندا پیادەی دەکەن، میکانیزم‌و شێوازێك کە نەك خەڵکانی پسپۆڕو ڕۆشنبیر، بەڵکو خەڵکی ئاسایی‌و سادەش دەزانێ کەوا بۆتەژێرخان‌و سەرچاوەی بەرهەمهێنانی سەرجەم ئافات‌و قەیرانە کوشندەو پەتا سیاسی‌و کۆمەڵایەتیەکان، دیارە گەورەترین بەربەست‌وکۆسپو ئاستەنگ لەبەردەم ڕەوتی کارکردن‌و گەشە نەکردن‌و دواخستنی ڕەوڕەوەی کایە ئیداری‌و ژیاری‌و حکومیی‌و کۆمەڵایەتیەکان بەر لەهەموو شتێك لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان‌و ئەو ئاڵۆزی‌و بەیەکدا چوونەیە کە لەنێوان حزب‌و حکومەت‌و حزب‌و پەرلەمان‌و حزب‌و سەرجەم کایەکانی تردا هەیە.

حزب بەشێکە لەکۆمەڵگای مەدەنی‌و لەلایەکی تریش سەر بە فەلسەفەی سیاسیە، بەڵام کاری سیاسی‌و شێوازی خۆ دەرخستن‌و نمایشکردن‌و کارکردنی حزب لەچوارچێوەی کۆمەڵگای مەدەنی نابێت زیاتر بێت، چونکە کاتێك حزب ئەوەی لەبیر دەچێت‌و خۆی دەکاتە چەقی بڕیاردان‌و داینەمۆو سەرچاوەی شەرعیەت‌و یاسار دەست دەخاتە نێو کاروباری پەرلەمان‌و حکومەت، ئەو کاتە نەك هەر کۆمەڵگا کایەکانی ژیان نقومی گەندەڵی‌و ئیفلیجی دەبن، بەڵکو هەر خودی ژیان خۆی لەهەموو نرخ‌و ماناو لەزەتێك بەتاڵ دەبێتەوەو بگرە پایەو شوێنگەی مەعنەوی‌و بوونی دەسەڵاتی یاسایی‌و جێبەجێکردنیش دەکەونە بەردەم گومانێکی قووڵ‌و لێپرسینەوەیەکی وێژدانی. لەم ڕۆژانەداو لەدوو ڕۆژنامەی حزبی ئەو دوو هەواڵەم بینی یەکەمیان دەڵێت: مەکتەبی سیاسیی... بەمەبەستی چارەسەرکردنی سوتەمەنی چەند لێژنەیەکی پێك هێنا. دووەمیان دەڵێت: مەکتەبی سیاسی لەگەڵ بەڕێوەبەرو ڕاوێژکارە گشتیەکانی وەزارەتی... کۆبوونەوە. هەڵبەت هەواڵەکە ڕاستەو جۆرێك لەڕاستگۆییشی تێدایە، چونکە حزب خۆی ئەوە دەسەلمێنێت کە نێونەدە ئیداری‌و حکومییەکان وەکو بارەگایەکی حزبی خۆی سەیر دەکات. گەڕامەوە ماڵەوە شەو کەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنێك لەیەکێك لەهەواڵەکانیدا گوتی: ئەمڕۆ کاك... (کە پۆستێکی حزبی هەیە) کۆبوونەوەیەکی بە بەڕێوەبەرو کرێکارانی (دەواجن) دەکان!! کردو ڕێنوێنی‌و ئامۆژگاری کردن کە وریای نەخۆشی ئەنفلۆنزای باڵندە بن، لێرەدا من وایدەبینم کەوا بەبێ لەیەکتری جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان‌و بەبێ دوورخستنەوەی دەستی حزب لەهەناوی کایە یاسایی‌و حکومییەکان ناتوانرێت هیچ جۆرە هیواو ئومێدێکمان هەبێت بۆ چارەسەرکردنی پەتاو قەیرانە قوڵەکان‌و، بگرە لەسێبەری بەناویەکدا چوونی حزب‌و حکومەت حزب‌و پەرلەمان باسکردن لەهەموو جۆرە چارەسەریەك بۆ کێشەو قەیرانە ئابوری‌و کۆمەڵایەتییەکان هەوڵێکی بێ هودەو کارێکی بێ ئەنجام‌و ئاکامە، چونکە یەکێك لە ئیشکالیەت‌و کێشەو قەیرانە هەرە گەورەکان ئەوەیە کە حزب هەیە لەبیری چووە کە بەشێکە لەکۆمەڵگای مەدەنی، خەریك بوو نووسینەکەم تەواو بکەم گلێنەی کچم کە پۆلی دووەمی ناوەندییە گوتی بابە ئەمڕۆ کابرایەك یەك دنیا چەکداری لەگەڵ بوو هات کۆبوونەوەی بە ئێمە کردو پێی گوتین نابێت لەقسەی دایك‌و باوکتان دەربچن، هەڵبەت ئەو کابرایەش کادیرێکی دیاری حزبێکەو دەبێت ئەوەش بگوترێت کە قەیران‌و کێشەو ئافاتەکان چین‌و توێژە ڕەنجدەرو هەژارەکانی کۆمەڵگا دەهارێت، بەڵام بەرپرسە گەورەکانی نێوەندە ئیدارییەکانیش وەکو ئەوان گلەیی دەکەن، هەڵبەت گلەیی ئەوانیش هەم بۆ داگیرکردنی شوێنگەی ئۆپۆزسیۆن‌و!! هەم بۆ خۆ دەربازکردنیشە لەهەر بەرپرسیارێتیەکی مێژوویی، ئەم دیاردانە تاکەی؟ بەڕاستی ئەم دۆخە ئاخۆ بەرەو کوێ مل دەنێت، دۆخێك باڵەخانەکان بەرەو بەرزی‌و سیاسەتیش تا دێت لە نزمترین‌و ناشیرینترین فۆرمدا خۆی نمایش دەکات.

بیانووی ئەمجارەی تورکیا کەمپی مەخموورەوە!

محەمەد چۆمانی

وەك قەوانێکی سواو سیاسەتێکی هەمیشەیی‌ونەگۆڕ ئەمجارەش ڕژێمی تورکیا توونـدترو جیاوازتـر لەپێشوەهەڕەشەی سنوور بەزاندن‌و هێرشکردنە سەر چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستانی لەنێو هەرێمی کوردستاندا کرد، هەرچەندە ئەم حزبە لە ١ / ١٠ / ٢٠٠٦ ئاگربەستی لەپێناو دایەڵۆگ‌و بەئاشتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا ڕاگەیاند، بەڵام تورکیا مکوڕە لەسەر دامالێنی ئەو هێزە تیرۆرستیە بەدیدی خۆی. تورکیا یەکەمین جار نییە بیانوو بۆ سنووربەزاندن دەدۆزێتەوە، ئەمەشیان دواهەمین بیانوو نابێت، پرسی کەرکوك‌و نزیکبوونەوەی ڕاپرسی لەسەر ئەو شارەو بەرەوپێشچوونی دۆزی گەلی کورد لەپێشەوەترین ئەو فاکتەرانەن کە هەردەم تورکیا وەك هۆکارێك بۆ وروژاندنی کێشە ناوخۆییەکان سەیریان دەکات، بەتایبەت کێشەی کورد، فشارو تەنگەتاوبوونی ئەمجارەی تورکیاش جگە لەبوونی هێزی (p.k.k) کەمپی مەخموره ئەو کەمپەی (١٠٠٠٠) دەهەزار کوردی باکووری کوردستانی لێ نیشتەجێیە، پشکنینی ئەو کەمپە لەلایەن هێزەکانی سوپای عێراقیەوە بەبیانووی چەك‌و پشتیوانیکردن لە (p.k.k) گاڵتەجاڕی‌و فشارێکی بەهێزی تورکیامان لەسەر حکومەتی عێراق‌و کوردستان بۆ دەردەخات کە هیچ ڕاستی‌و ڕەوایەتییەکی نییە، جگە لە تۆخکردنەوەی کێشەی کورد نەبێت، ئاخر دە هەزار کوردی دامـاو بێبەشی کەمپی مەخمور کە زۆربەیان پیرو ژن‌ومنداڵن کێشەیان نییە تا چەك‌و تەقەمەنی دالدە بدەن؟ باشە ئەمە کەمپی (١٠٠٠٠) مرۆڤە کە دەرپەڕێنراوی سیاسەتی ئاگرو ئاسنی تورکیان! یاخود کەمپو کۆگای تەقەمەنی‌و تیرۆرستانە؟ بەداخەوە نەك خودی تورکیا بەڵکو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤویەکێتی ئەورووپا‌و وڵاتی دراوسێ‌وخودی ئەمریکاو حکومەتی عێراقی نەك لاوازن لەوەڵامدانەوەی بیانوو فشارەکانی تورکیا، بەڵکو لەئاست ژیانی پڕ مەرگەسات‌و ئاوارەیی‌و فەرامۆشکراوی کوردانی ئەو کەمپە چاریان نوقاندووەو بۆیەك چرکەساتیش ئامادەنین ئەو پرسیارە بکەن‌و بڵێن ئەرێ ئێوە بۆ لێرەن؟ یان ڕۆژانێك ژیانی سەختی کەمپەکە بە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ پیشان بدەن، کە ئەوەی سەردانی ئەو کەمپە بکات دەزانێت کەمپی وا لەهەموو دونیادا نییە، بەم ژمارە زۆرەیانەوە لەزۆربەی خزمەتگوزارییەکانەوە بێبەشکراون، ڕەنگبێ لەسیاسەتی کوردیشدا ئەو بۆچوونە هەبێت کە کێشەکانی ئەو کەمپە پەیوەست بکرێت بەتورکیاوە، بەڵام داخۆ ژیانی کوردانی بندەستی تورکیا لەڕووی مافە کلتووری‌و سیاسی‌و ئینسانی‌و نەتەوەییەوە لەو کەمپە باشترە! ئەمانە کوردن‌و لەسنووری هەرێمی کوردستان دادەنیشن بۆ دەبێت ئەگەر وەك کوردیش نەبێت وەك مرۆڤ خزمەت نەکرێن، ڕژێمی بەعس بەو دڕندەییەوە ئەو کەمپەی بۆ دروست کردن، تۆ بڵێی ئێمە شتێکمان لەو باشتر پێ نەکرێت! ئەوان کە چاوەڕێی مافی پەنابەرێتین لەوڵاتی خۆیاندا، باشە چیمان کردووە کە ئەو مافەیان پێ بدەین؟ تورکیاش هەرئەم فەرامۆشکردنەی کەمپەکەیە، ئەمڕۆ دێت بەسەربازی عێراقی ماڵەکانیان دەپشکنێ‌وهەڕەشەیان لێدەکات، پشکنینی ئەو کەمپە بەدیدی خۆم لەزەینییەتی سیاسەتی تورکیادا پشکنینی ماڵی هەموو کوردێکی هەرێمی کوردستانی ئازادمانە ئەمە ڕووی ڕاستەقینەی ڕژێمی تورکیایەو گوتارو قسەیەکی یەکگرتومان نەبێت دڵنیام هەڕەشەو گوڕەشەکانی سنووری دیکە دەبەزێنن.

تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق‌و سوریا

سەهەند

عەلی دەباغ بەناوی حکومەتی عێراقەوە هێرشی کردە سەر سوریا‌و تۆمەتباری کرد بەوەی کە لە هەوڵدایە بۆ تێکدانی پەیوەندییەکانی هەردوولا، بەتایبەتیش فشاری خستۆتە سەر عێراقییەکان، ئەوانەی لە سوریا نیشتەجێن‌و پسوولەی ئیقامەیان بۆ دووبارە ناکاتەوە، کە ئەوەش پێچەوانەی بەڵێن‌و ڕێکەوتنە پێشووەختەکانی هەردوولایە، ئەوە جگە لەوەی دەرگای لە ڕووی هەموو ئەو تۆمەتبارانەدا کردۆتەوە کە لەلایەن عێراقەوە داواکراون.

عەلی دەباغ لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی (الحرة) ی ئاسمانی گوتی: سوریا کۆتێکی توندی خستۆتە سەر هێڵی ئاسمانی عێراقی‌و نایەڵێ هیچ فڕۆکەیەکی لە فڕۆکەخانەکانیدا بنیشێتەوە، ئەم کۆتەش لە ڕۆژی سێ شەمەی ڕابردووەوە خراوەتە سەر فڕۆکەکانی عێراق.

دیمەشقیش لە وەڵامدا دەڵێ: هیچ کۆتێکی نوێمان نەخستۆتە سەر کۆمپانیا فڕۆکەوانیە عێراقییەکان، جگە لەوەی کە دەمانەوێ مۆڵەتی پێشوەختە لە سوریا وەربگیرێ بۆ سەفەرو دواتریش لەبەر پاراستنی گیانی هاوڵاتیان‌و ئاسایشی فڕۆکەخانەکانمان ئەم مەرجە پێشوەختانەمان داناوە. جێگەی باسە لە هەفتەی ڕابردودا بەشار ئەسەد سەرۆکی سوریا پێشوازی لە حارپ الچاری سەرۆکی دەستەی زانایانی موسڵمان کرد، بەمەش حکومەتی عێراق زۆر بە توندی ناڕەزایەتی خۆی بەرامبەر ئەم هەڵوێستەی سوریا دەربڕی، چونکە وەزارەتی ناوخۆی عێراق بڕیاری دەستگیرکردنی ناوبراوی دەرکردووە بە تۆمەتی ئەوەی ڕاستەوخۆ هاریکاری توندوتیژی‌و شەڕی خێڵەکی دەکات لەناو عێراقدا.

لەلایەکی ترەوە دەسەڵاتدارانی سوریا پێشتر پسوولەی نیشتەجێبوونی بۆ ماوەی سێ مانگ دەدا بە هاوڵاتییە عێراقییەکان‌و بۆشیان نوێ دەکرایەوە، بەڵام لە ٢٠ی مانگی ڕابردووەوەو دوای بانگەشەی ئاسایی بوونەوەی پەیوەندییەکانی هەردوولا، حکومەتی سوریا کۆتێکی نوێتری خستە سەر عێراقییەکان، ئەویش تەنها بۆ ماوەی دوو هەفتە پسوولەی نیشتەجێ بوونیان دەداتێ‌و بۆ یەکجاریش بۆیان نوێ دەکرێتەوە دوای ئەوەی عێراقییەکان دەبێ خاکی سوریا جێبهێڵن.

بۆ ئەم مەبەستەو لە ژێر ئەم فشارەدا زیاتر لە ١٠٠ عێراقی دوای تەواوبوونی ماوەی دیاریکراوی نیشتەجێ بوونیان لە دیمەشقی پایتەختی سوریا‌و لە بەردەم باڵیۆزخانەی باڵای نێودەوڵەتی دەستیان بەمانگرتن کرد، بەو هیوایەی نەتەوە یەکگرتووەکان هاوکاریان بکات.

دەباغ لە چاوپێکەوتنەکەیدا دووپاتی کردەوە کە سوریەکان هەوڵدەدەن فشارێکی زۆری توندتر لە جاران بخەنە سەر عێراقییەکانی ناو سوریا بەتایبەتیش کە ئەم هاوڵاتییە عێراقییانە داوای مانەوەی یەکجارەکیان نەکردووەو دوای ئاسایی بوونەوەی بارودۆخی عێراق دەگەڕێنەوە، ئەوەش پێچەوانەی ڕێککەوتنەکانی ڕابردوویەو گۆڕانی هەڵوێستیشیان لەم ئان‌و ساتەدا ئاشکراکردنی ئاراستەی سیاسەتی ئەم وڵاتەیە بەرامبەر حکومەتی هەڵبژێردراوی عێراق، کە ئەم لە خزمەتی هیچ کام لەم دوو وڵاتە نییە.

ئەنجومەنی باڵای پەناهەندەکان ژمارەی عێراقییەکانی ناو سوریای بە ٦٠٠ مەزەندە کردووەو ئەردەنیش زیاتر لە ٧٠٠ هەزاری لێیە.

بڕیاری گەڕانەوەی عەرەبە هاوردەکان

پێش ١٥/ ٣ جێبەجێ دەکرێت ، هەر خێزانێك ٢٠ ملیۆن دینار و پارچە زەویەکیان لە شوێنی ڕەسەنی خۆیان دەدرێتێ

ئەمڕۆ ٤ /١ /٢٠٠٧ لە بەغداد لێژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستووری کۆماری عیراقی فیدراڵ، بە ئامادەبوونی سەرۆکی لێژنە د. هاشم الشبلی (وەزیری دادی حکومەتی عیراقی فیدرال) د. محمد ئیحسان نوێنەری هەرێمی کوردستان و وەزیری کاروباری ناوچە کانی دەرەوەی هەرێم ئەندامانی دیکەی لێژنە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامداو لە میانەی ئەم کۆبوونەوەیەدا گفتو گۆ کرا لەسەر دوو بڕیاری سەرەکی، کە پەیوەست بوون بە قۆناغی (**تطبیع**)لە ناوچە دابڕاوەکاندا و پاشان لێژنەکە دوو بڕیاری گرنگی دەرکرد، بڕیاری ژمارە ٣ کە تایبەتە بە دانانی میکانیزمێك بۆ گەڕاندنەوەی ئەو عەرەبە هاوردانەی کە ڕژێمی پێشوو بەکاری هێنناون بۆ سەپاندنی سیاسەتی خۆی لە گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچە دابڕاوەکان بە تایبەتی کەرکوك بۆ ئەم مەبەستەش لێژنەکە بڕیاریدا بە: **یەکەم:** گەڕانەوەی هەموو ئەو خێزانە هاوردانەی کە هێنراونەتە ناوچە دابڕاوەکان (بە تایبەتی ئەو خێزانانەی کە هێنراونەتە ناوچەی کەرکوك و دەوروبەری) کە لە نێوان ماوەی ١٧/تەموززی ساڵی ١٩٦٨ تا ٩ /٤ /٢٠٠٣ و لە ئەنجامی بەکارهێنانی سیاسەتی ڕژێمی پێشو و مادەی ١٤٠ی دەستووری کۆماری عیراقی فیدرال دە یانگرێتەوە بە پێی ئەم میکانیزمە : ا- بڕی ٢٠,٠٠٠,٠٠٠ بیست ملیۆن دیناری عیراقی و پارچە زەویەکیان لە ناوچە کانی پێشوی خۆیان پێببەخشرێت.

ب- گواستنەوەی قەیدی ئەو خێزانە هاوردانە لە فەرمانگەی باری شارستانی ناوچە دابڕاوەکانەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە پێشتر لێوەی هاتوون.

ج- گواستنەوەی پسوولەی خۆراکی خێزانە هاوردەکان لە ناوچە دابڕاوەکانەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە پێشتر لێوەی هاتوون.

د- گواستنەوەی هەر بەلگەنامەیەکی ڕەسمی دیکە کە پەیوەستە بەو خێزانە هاوردانەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە پێشتر لێوەی هاتوون.

هـ- ئەو بڕە پارەیەی کە بۆ گەڕاندنەوە تەرخان کراوە کاتێك سەرف دەکرێت ئەو کەسەی کە ئەم بڕیارە دەیگرێتەوە بەلگەیەك پێشکەش بکات و بیسەلمێنێت کە تۆماری باری شارستانی و پسوولەی خۆراکی خۆی گواستۆتەوە لەگەڵ وەزیفەکەی گەر فەرمانبەری حکومی بێت.

دووەم: پێویستە لەسەر وەزارەتەکانی ناوخۆو بازرگانی و هەموو فەرمانگە پەیوەندارەکان ئاسانکاری پێشکەش بکەن بۆ خێزانە هاوردەکان بە تایبەتی لەو کارانەی پەیوەستە بە جێبەجێکردنی بڕگەکانی (ب،ج،د) لە بەشی یەکەمی ئەم بڕیارە .

سێیەم: لەسەر وەزارەت و فەرمانگە پەیوەندارەکانە کە کارئاسانی پێشکەش بەو کەسانە بکەن کە فەرمانبەری حکومین لە کاتی گواستنەوەی وەزیفەکانیان لە ناوچە دابڕاوەکانەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە پێشتر لێوەی هاتوون.

چوارەم: بڕیارەکە جێبەجێ دەکرێت پێش ڕۆژی ١٥ / ٣ /٢٠٠٧.

هەروەها بڕیاری ژمارە ٤ تایبەتە بە هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو گرێبەستە کشتوکاڵیانەی کە دەرئەنجامی سیاسەتی گۆڕینی دیمۆگرافیا(تەعریب) بەستراون لە ناوچە دابڕاوەکان و ماددەی ١٤٠ی دەستووری کۆماری عیراقی فیدرال دە یانگرێتەوە بە تایبەتی ئەو گرێبەستانەی کە لە پارێزگای کەرکوك و دەوروبەریدا گرێدراون و گەڕانەوەیان بۆ باری پێش ئەنجامدانی گرێبەستەکان. فەرمانگە پەیوەندارەکان دەسەڵاتی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە یان پێدراوە. بڕیارەکە پێش ڕێکەوتی ١٥ /٣ /٢٠٠٧ جێبەجێدەکرێت پاش ئەوەی لە لایەن سەرۆك وەزیرانی حکومەتی عیراقی فیدرالەوە پەسەند دەکرێت.



گۆڤاری عراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
لێژنەی جێبەجێ کردنی مادەی(١٤٠) لە دەستور

لجنة تنفيذ المادة (١٤٠) من الدستور

العدد: ٢٨
التاريخ: ٤/٢/٢٠٠٧

ژمارە:
ڕێکەوت: / / ٢٠٠

قرار رقم (٤)

اجتمعت لجنتنا المشكلة بموجب الامر الديواني المرقم (٤٦) لعدد (م ر ن / ٤٨ /١٣٧٣) والمؤرخ في ٢٠٠٦/٨/٩ اجتماعها الثالث عشر بتاريخ ٢٠٠٧/٢/٤ ولغرض تنفيذ المادة (١٤٠) من دستور جمهورية العراق ومن اجل تطبيع الاوضاع في المناطق المتنازع عليها قررت اللجنة ما يلي:

اولا:
الغاء كافة العقود الزراعية التي ابرمت ضمن سياسات التغيير الديمغرافي (التعريب) في المناطق المتنازع عليها والمشمولة بالمادة (١٤٠) من دستور جمهورية العراق وبصورة خاصة محافظة كركوك واعادة الحال الى ما كان عليه قبل ابرام تلك العقود.

ثانيا:
يخول الدوائر ذات العلاقة بتنفيذ هذا القرار.

ثالثا:
ينفذ هذا القرار قبل يوم ٢٠٠٧/٣/١٥.

رابعا:
يخضع هذا القرار لمصادقة دولة السيد رئيس الوزراء.

هاشم عبدالرحمن الشبلي
رئيس اللجنة
٢٠٠٧/٢/

(١-١)

الامانة العامة لمجلس الوزراء – الطابق الثامن
البريد الالكتروني : leina14blastor@yahoo.com هاتف ثابت : موبايل ٠٧٧٠٢٥٨٦٥٥٤
ارضي ٧٤٢٨٨٦٢ - ٧٤٢٨٨٦١